# مۆسیقای کوردی و ... کێشەی داهێنان

**زیاد عەلی بەرزنجی**



ماملێ

داهێنان له هونەردا کێشەیەکە زیاتر له کێشەکانی تری ژیانی ئادەم شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی پوختی گەرەکە، سەرەڕای پاساوان کردنی ئەو ئەنجامەی که داهێنەر بەدەستی دێنێ. داهێنان کارێکە کە له توانایدایە سیماو ئاکاری نوێی سەردەم هەڵبگرێت، بەجۆرێك که بەراوردێکی راستەقینە له تەك بلیمەتی و هۆشیاری هونەرمەندەکەو کەرەستە خاوەکانی هونەرەکە بکا.

بەمەش زاڵبونێك لای هونەرمەند دروست دەبێت بەسەر جیهانی هێماو کەرەستەی دەق گرتوودا. بواری داهێنان بوارێکی فراوانە و فەزایەکی تایبەتی لەخۆی داگیرکردوەو



کەریم کابان

لەسەر رێرەوێکی راست و رەوان هەنگاو دەنێت و خۆی لەناوەندەکە سەقامگیری دەکات. گرنگی داهێنان لەوەدایە کە کەسانێکی پێویستە له توانایاندا هەبێت کە چەمك و پێناس و رێبازی سەردەمی خۆی هەرس کردبێت و تیایدا تێڕوانینی تایبەتی و سەرنجی زاتی خۆی تیادۆزیبێتەوە،

چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی پژاندنی زمانی هونەرمەندی خوڵقێنەرو وایلێدەکات کە نوێخوازبێت و هەمیشە بەدوی تازەگەری و جوانکاریدا وێڵ بێت.

داهێنان و پەیوەندیەکی پتەو له نێوان هونەرمەند و جەماوەردا دروست دەکات و ئەڵقەی پێکگەیشتنیان دەبێت بەجۆرێك کەوا له دووهەم دەکات کە نامۆ نەبێت له هیچ جوڵەو بزوتنەوەیەکی نوێ.دیسان دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەهاو پیرۆزی کارەکە لای جەماوەرو چەقاندنی دەلالاتی نوێ له هەست و هۆشی میللەتدا.

بەمەش داهێنان ترۆپکی هونەرەکەی لەسەردەمدا دەردەخات و پێوانەی رەوتی پێش و پاشی بزوتنەوەکان دەنوێنێ.

هەر لەم روانگەیەوە چەند ووشەیەك دەربارەی داهێنان له کاری مۆسیقای کوردی دا ئەدوێین بەنیازی دیاریکردنی ئەو هەنگاوانەی کەلەم بارەیەوە نراوە.

مۆسیقای کوردی تارادەیەك توانیویەتی کە شێوازی مۆرکی تایبەتی خۆی له ئامێز بگرێ و رەسەنایەتیە زیندووەکەی بپارێزێ. ئەمەش له رێگای بەئەنجام گەیاندنی چەند ئەزموونێکی بەپێز کەڵەزادەی بیرکرنەوەی کەسانێکەوە دروستبوون کە لەمانای داهێنان ئەگەن و هەمیشە لەگەڵ ساتەکانیدا ئەتوێنەوەو دیسان بە پەرۆشەوە له دەریای هونەردا بەدوای گەوهەری داهێناندا ئەگەرێن. بیری داهێنەرانەش له کاری مۆسیقادا له مامەڵەکردنی ئەکادیمی و زانستیانەی هونەرمەندەوە دێت لەتەك ئاوازو رستە مۆسیقیەکاندا، ئەمەش هەر له ئامادەو دابەشکردنی رستەکان بەپێی جۆری پەیژە مۆسیقیەکەو دۆزینەوەی شێوازی هارمۆنیەکە و چەقاندنی مۆرکە کوردیەکە تیایدا و دیسان گەیاندنی بۆ جەماوەر له رێی چەند دەنگێکی بەسۆزەوە.

ئالێرەدا بیرکردنەوەی نوێی هونەرمەند له کاری( تالیف)ی مۆسیقادا دەردەکەوێت و زایەڵەی خۆی له ناوەندەکەوە



بیژەن کامگار

دەردەخات و وا له جەماوەر دەکات کە چێژێکی تازە وەربگرن و بەئاگای هەموو جووڵە هونەریەکان بن.

جابۆیە لەدوا ووشەدا بەهیوای ئەوەین کە ئێمەی هونەرمەندانی مۆسیقای کوردی له تواناماندا بێت کە خۆمان بدەین لەقەرەی کاری مەزن و داهێنەرانە له بوارەکەدا. بەنیازی گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی هونەر و ئاشناکردنی داهێنانە مۆسیقیەکانمان بەگەلانی جیهان.